
ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# کتێبی ئەخلاق و زمان چاپ و بڵاوکرایەوە

## نووسەری کتێبەکە: زمان فۆرم و جەوهەری ماڵ دەستنیشان دەکات




**ئا: ئەدەب و کولتوور**

کتێبی (ئەخلاق و زمان) لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە چاپ و بڵاوکرایەوە و نووسەرەی کتێبەش ئاماژە بەوەدەکات، ئەم کتێبە ئیشکردنە لەسەر چەمکی ئەخلاق و زمان وەک ماڵ و ئیشکردنی خاکەڕایانەی ئێمەیە لەسەر واتا فەلسەفیی و زمانییەکانی ئەخلاق و زمان.

ئومێد حەمەعەلی، نووسەری کتێبەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "کتێبی ئەخلاق و زمان سێیەمین کتێبی چاپکراوی منە. ئەم کتێبە ئیشکردنە لەسەر چەمکی ئەخلاق و زمان وەک ماڵ و ئیشکردنی خاکەڕایانەی ئێمەیە لەسەر واتا فەلسەفیی و زمانییەکانی ئەخلاق و زمان، ئەخلاق چۆن دەتوانێ ماڵ بێ و نەبوونیشی ئاماژەی بێماڵی و هێمای ئاوارەیی ئینسان بێ؟".

لەبارەی زیاتری نێوەڕۆکی کتێبەکە نووسەر ئاماژەی بەوەشکرد، ماڵ لەم کتێبەدا دیاردەیەکی یەکواتا و تاکرەهەند نییە، بەپێچەوانەوە هەڵگری فرەواتاییە و فەلسەفەی ژیانی ئینسان نەخش و چوارچێوەی ماڵیش دەگۆڕێت.

ئومێد حەمەعەلی دەشڵێ، زمان فۆرمی ماڵ و جەوهەری ماڵ دەستنیشان دەکات، ئەم دەستنیشانکردنە زۆر بنچینەییە بۆ خودی ماڵ و بۆ چارەنووسی مرۆڤ، ئەم کتێبە ئەخلاق وەک هێما و ناسینەوەیەک بۆ بەشێک لە بەها و ڕەهەندە مەعنەوییەکەی مرۆڤ، هەم لەسەر ئاستی ڕەگوڕیشەی زمانی و هەم وەک چوارچێوەیەکی مەعنەوی و بەهایی، توانیویەتی خەسڵەتی ماڵیبوون لەخۆی بگرێت.

# ڤێرژنی نوێی فیلمی "عەلاددین و فانۆسی جادوویی" بڵاوکرایەوە



**ئا: ئەدەب و کولتوور**

گۆڤاری ئینتەرتەینتمێنت ویکلی، یەکەم وێنەی ڤێرژنی نوێی فیلمی "عەلاددین و فانۆسی جادوویی" بڵاوکردەوە کە ئەستێرەی نێودەوڵەتی ویل سمیس و خانمە ئەکتەری کەنەدی بەڕەچەڵەک میسری مینا مەسعود ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینن. هەروەها ئەکتەران ناومی واتس و ئەکتەری تونسی مەروان کەنزاریش لەم فیلمەدا ڕۆڵیان پێدراوە.

چیرۆکی فیلمەکە لە زنجیرە چیرۆکەکانی "هەزار و یەک شەو" وەرگیراوە کە باس لە چیرۆکی گەنجێکی هەژار دەکات بەناوی عەلاددین کە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی و ئەوینی شازادە یاسەمین. لە ڕێگەی فانۆسە جادووییەکەیەوە عەلاددین خەونەکانی بەدیدەهێنێت.

جای ریتشی، دەرهێنەری فیلمەکەیە و بڕیارە مانگی ئایاری داهاتوو لە سینەماکان نمایش بکرێت و شوێنی وێنەگرتنەکەش لە نێوان بەریتانیا و ئوردن بووە.

ویل سمیس ڕایگەیاند، نواندی ڕۆڵێکی سینەمایی کە پێشتر یەکێک لە ئەکتەرەکان بە لێهاتوویی ڕۆڵەکەی بینیوە کارێکی زۆر سەختە، بەڵام هەوڵدەدەم چێژێکی تایبەت بەخۆم ببەخشمە ڕۆڵەکە، بۆیە کاتێکی زۆر بۆ مەشق و ڕاهێنان بۆ گۆرانیگوتن و سەماکردن تەرخاندەکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆڵەکەدا ئاوێتەببم.

# 10 پڕفرۆشترین ڕۆمانەکانی جیهان دیاریکران



**ئا: بژار حەکیم**

هەردوو ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی و نیویۆرک تایمزی ئەمریکی ریزبەندی 10 پڕفرۆشترین ڕۆمانەکانی جیهانیان بڵاوکردەوە.


ڕۆمانی (دۆنکیشۆت)ی نووسەری ئیسپانی میگێل دێ سێرڤانتێس کە ساڵی 1672 بڵاوکراوەتەوە و 500 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە، پڕفرۆشترینیان بووە. دوای ئەویش ڕۆمانی (چیرۆکی دوو شارەکە)ی نووسەری فەرەنسی چارڵز دیکنز کە لە ساڵی 1859 بڵاوکراوەتەوە و 200 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە.

ڕۆمانی (لۆردی گوستیلەکان)ی نووسەری بەریتانی جی ئاڕئارِ تۆڵکین. کە ساڵی 1954 بڵاوکراوەتەوە و 150 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە، سێیەم پڕفرۆشترین ڕۆمان بووە. دوای ئەویش ڕۆمانی (شازادەی بچووک)ی نووسەری فەرەنسی ئەنتوان دووسانت ئیکزۆبیری دێت کە لە ساڵی 1943 بڵاوکراوەتەوە و 140 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە.

پێنجەمین ڕۆمان، ڕۆمانی (هاری پۆتەر)ی نووسەری بەریتانی جی کەی ڕۆلینگ کە ساڵی 1997 بڵاوکراوەتەوە و 120 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە. شەشەم پڕفرۆشترین ڕۆمانیش (دواتر کەس نەما)ی نووسەری بەریتانی ئاگاسا کریستییە کە لە ساڵی 1939 بڵاوکراوەتەوە و 100 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە. دوای ئەویش ڕۆمانی (هۆبیت)ی نووسەری بەریتانی جی ئارِ ئارِ تۆڵکین دێت کە لە ساڵی 1937 بڵاوکراوەتەوە و 100 ملیۆن دانەی فرۆشراوە.

ڕۆمانی (خەونی ژوورە سوورەکە)ی نووسەری چینی کاو تشوشین کە لە ساڵی 1754 بڵاوکراوەتەوە و 100 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە، لە ریزبەندییەکەدا پلەی هەشتەمی بەرکەوتووە. پلەی نۆیەمیش بۆ ڕۆمانی (ئەلیس لە وڵاتی سەرسووڕمانەکاندا)بووە کە لەلایەن لویس کاڕۆڵ لە ساڵی 1865 بڵاوکراوەتەوە و 100 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە. ڕۆمانی (شێر و خانمە سیحربازەکە و گەنجینە)ی نووسەری بەریتانی سی ئێس لویس کە ساڵی 1950 بڵاوکراوەتەوە و 85 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە. لە دوایین پلەی ریزبەندییەکە دێن.

# فوئاد مەجید میسری کۆبەرهەمە شانۆییەکانی بڵاودەکاتەوە




**ئا: سەرباز سیامەند**

نووسەر و شانۆکاری کورد فوئاد مەجید میسری کۆبەرهەمە شانۆییەکانی بڵاودەکاتەوە و دەڵێت زۆری مەبەستە خوێندکارانی ئەکادیمیا و پەیمانگە، کتێبەکەی بخوێننەوە.

فوئاد مەجید میسری، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند:" کۆبەرهەمە شانۆییەکان، لە 1050 لاپەڕە و لە دووبەرگ پێکهاتووە. بەرگی یەکەم زیاتر ئەو تێکستانەن کە نووسیومن یان ئامادەم کردوون، بەرگی دووەمیشی بابەتە شانۆییە وەرگێڕدراوەکان و دوو توێژینەوەی وەرگێڕاون."

فوئاد میسری ئاماژەی بەوەدا لەسەر کارە شانۆییەکانی بەرەوڕووی زەحمەتی زۆر بووەتەوە، تاڕاددەی ئەوەی خوێنی حەلال کراوە. ئێستاش کۆ بەرهەمە شانۆییەکانی ئامادەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارەوە نەیتوانیوە چاپیان بکات.

فوئاد مەجید میسری، گوتی:" کاتی خۆی هەندێک کەس لەسەر دەقەشانۆییەکان نووسیویانە یان هەڵسەنگاندنیان کردووە، بەڵام هەندێک نووسین هەبووە لە ڕەخنە چووەتە دەرەوە و گەیشتووەتە ئاستی هەڕەشەکردن. بۆیە ئەوانەش کۆکراوەنەتەوە." میسری چاوەڕێیە دوای چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی، خوێندکارانی پەیمانگا و ئەکادیمیای هونەر بیخوێننەوە، چونکە سوودی زۆری بۆیان دەبێت.

فوئاد مەجید میسری، خاوەنی چەند بەرهەمێکە لەسەر فکری ئسوولی ئیسلامی، جیهانگیری، مێژووی ئیسلام لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، ئێستاش زیاتر لە بواری ئیسلامی سیاسی خەریکی لێکۆڵینەوە و نووسینە.

# ئامانجی هونەر



**کورتەیەک لە ڕوانگەی جیاوازی هونەرمەندانی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستی ئەوروپا بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی کە ئامانجی هونەر چییە؟**

ئەنوەر عەباسی



هونەر بەرهەم یان باشترە بڵێین کۆمەڵە بەرهەم و لێکەوتەکانی مێشکی مرۆڤە کە لە ئاراستەی دانانی کاریگەری لەسەر هەست و هزری مرۆڤیی یان گواستنەوەی واتا، دەئافرێنرێن. زانستنامەی بریتانیکا هونەر وەکوو " بەکارهێنانی توانا و خەیاڵ بۆ ئافراندنی بەرهەمی جوان بۆ پانتایی ژینگەی مرۆڤیی (بە مەبەستی ختۆکەدانی هەستی جوانی پەرەستی مرۆڤ) یان بە مەبەستی بازرگانی کە دەکرێ بخرێتە بەر دەست مرۆڤەکانی دیکە" پێناسە دەکات. لە زمانی کوردیدا وشەی هونەر ڕەنگە بە تەواوی هاو واتای وشەی ART نەبێ بەڵام ئەمڕۆکە ئیتر ئەم دوو وشە بە یەک واتا بەکار دەبرێن (هەروا کە زانست و ساینس و هتد). وێدەچێ بنەچەی ئەم وشە لە زمانی سانسکریتەوە وەرگیرابێ کە لەو زمانەدا بە شێوەی "سونەر" یان "سونەرە" بووە ("سو" بە واتای چاکە و "نەر" بە واتای مرۆڤ) و پاشان لە کوردی ئاوێستاییدا "س" کراوە بە "هـ" و ئێستاکە ئێمە وەکوو "هونەر" گۆی دەکەین و دەینوسین. لە بارەی جۆرەکانی هونەرەوە لێرەدا درێژدادڕی ناکەم چونکا ئەمڕۆکە بە هەبوونی ئینتێرنێت هەموو کەسێک دەتوانێ بە کەمترین گەڕانی ئینتەرنێتی کۆمەڵێک زانیاری سەرەتایی لەمەڕ بابەتی لەم چەشنە وەرگرێت و بەم پێشەکییە کورتەوە دەچمە نێو باسەکەوە.

لەوە دەچێ هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانێک کە لەمەڕ چییەتی هونەردا پێنوسییان تاو داوە، ئەگەرچی بە ڕواڵەت "هونەر چییە؟" یان کردوە بە بنەمای باسەکەیان بەڵام لە ئاماژەکان وا دەردەکەوێ کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە وەڵامی پرسیاری "هونەر چی نییە؟" بدەنەوە.

لەساڵی 1879دا لیۆ تۆلستۆی کتێبێکی خستە بەر دیدەی خوێنەران بە نێوی "هونەر چییە؟" و لەودا پەرژایە سەر دژایەتی کردنی ئەو ڕوانگە هزری-جوانیناسانانەی کە پێناسەی هونەریان بە چەمکی وەکوو "چاکە" و "ڕاستی" و "جوانی"ەوە گرێ دەدا. بە تایبەت پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە هونەر بە "جوانی"ەوە نەبەسترێتەوە و هەر لەو ئاراستەدا دژی هەرچەشنە پێناسەیەک بوو کە "چێژ" و هونەری پێکەوە گرێ دەدا. ئەو کە پیوابوو هونەر بەرەو لەنێو چوون و کزی دەڕوات لەم کتێبەدا پێناسەی خۆی بۆ هونەر دەخاتە ڕوو. تولستۆی لەسەر ئەو بروایە بوو کە هونەر شتێک نییە جگە لە گواستنەوەی درک پێکراوەکان (هەست پێکراوەکان) لە لایەن هونەرمەندەوە بۆ لای بەردەنگ بەشێوەیەک کە زۆرترین کاریگەری لەسەر ئەو دابنێت. ئەو پیوایە هەر هونەرمەندێک کە بتوانێ باشتر ئەو بابەتە هەست پێکراوە بگوازێتەوە و وا بکات کە بەردەنگ هەستێکی نزیک لەو هەستە درک پێکراوەی ئەوی هەبێ سەرکەوتووترە. بۆیە بە واتایەکیتر ئەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی تۆلستۆیەوە هونەر دەبێ بتوانێ یەکگرتوویی (لانیکەم لە نێوان خۆی و بەردەنگ و لانیزۆر لە نێو هەموو بەردەنگەکاندا) ساز بکات. یەکگرتووییەک کە لە توانای هونەرمەند بۆ وێنا کردنی ئەزمونەکانی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ. تولستۆی پیوایە منداڵێک کە گورگێکی دیوە و هەتا ئاستی مردن ترساوە و دوایی ئەم ڕووبەڕوو بوونەی خۆی لەگەڵ گورگەکە بەشێوەیەک بۆ خەڵک دەگێڕێتەوە کە هەموو هەست بەو ڕادە زۆرە ترسەی ئەو دەکەن، باشترین هونەرمەندە. ئەو لە توانای گێڕانەوەی خۆی (هونەر) بۆ گواستنەوەی هەست بە ترسەکەی (ئەزمون) کەڵک وەردەگرێ هەتا بیسەران (بەردەنگ) بتوانن هەرچی زیاتر لە هەست و هزری ئەو کاتی ئەو نزیک بنەوە و هەستی پێبکەن (یەکگرتویی). واتە بە یەک واتا هونەر لە لای تۆلستۆی نومایشی ئەزمونی هونەرمەندە بۆ بەردەنگ. تولستۆی ئەو نمونەی لەسەرێ باس کرا بە هونەرێکی "چاک" دەزانێ چونکا لەسەر بنەمای "پێوەندی" ساز کراوە و هەروەها داڵغەی گواستنەوەی هەستی هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە هونەرێک بە "خراپ" دەزانێ کە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر کۆمەڵگا هەبێ. ئاماژە بە کاریگەری خراپ وا دەکات کە تۆلستی ناچار بێت پێوەرێک ساز بکات بۆ ئەوەی کە دیاری بکات ئایا فلانە کاری هونەری کە لەسەر بنەمای پێوەندی و گواستنەوەی هەست دامەرزاوە ئایا "بە بایەخ"یشە یان نا؟ (لێرەدا پێویستە فلاشبەکێک بۆ وتارێکی دیکەم لێبدرێ بە نێوی "هونەری دەروەست و پێوەرەکان" کە لە ژمارە 93ی کولتور و هونەری ڕووداو بڵاو بووەتەوە) ئەو پێوەرە لە لای تۆلستۆی بریتییە لە ئایینی مەسیحیەت. ئەو پیوایە هونەرێک باشە و بەسود و بە بایەخە کە هەستی برایانەی مەسیحییەت پەرە پێبدا. تەنانەت پیوایە کە کەسانێک لە چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا ناتوانن هونەرمەندی باش بن و بەرهەمەکانییان ناتوانێ باش و "بە سود" بێت چونکا ئەوان جەوهەرەی سەرەکی مەسیحییەتییان لە دەست داوە و سەرچاوەی ڕوانینیان بۆ دنیا لیخنە. ئەمە هەتا ئەو جێگایە ئەچێتە پێش کە بەرهەمە هونەرییەکانی یۆنانی کەونارا بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ ئایینی مەسیحییەتدا یەکناگرنەوە ڕەت بکاتەوە و درێژە پێدانی ئەو شێوازە ئیدانە بکات و لە لایەکی دیکەوە هونەرمەندانی وەکوو ریچارد ڤاگنەر و بێتهۆڤەن بە هزرخواز و کەم هەست ناودێر بکات و بڵێ کە گۆرانییەکانی منداڵان و چیرۆکە فۆلکلۆرەکان زۆر لە کارەکانی ئەو دوانە هونەرمەندانەترن و پیوایە سەمفۆنی ژمارە 9 ی بێتهۆڤەن ناتوانێ کاریگەری لەسەر بەردەنگ دابنێ و ببێتە هۆی ئەو یەکگرتوویەی کە لەسەرێ باسمان لێوە کرد.

ئەوەی کە بە تەسەلی پەرژامە سەر ڕا و بۆچوونی تولستۆی بەو هۆکارە بوو کە لە یەکەم کەسانی چاخی مۆدێرنە کە کتێبێکی تایبەتی لەم بوارەدا نوسیوە و لە لایەکی دیکەشەوە لانیکەم لە بواری تایبەتی خۆیدا واتە هونەری گێڕانەوە یەکێک لە شاخە هەرە بەرزەکانە و ڕا و بۆچوونی دەتوانێ گرینگییەکی تایبەتی هەبێ. بەڵام بۆ ئەوەی کە دیدێکی پانۆڕاما و فرەڕەهەندمان لە باسەکە هەبێ پێویستە ئاماژە بە ڕای کۆمەڵێکیتر لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لەمەڕ بابەتی هونەر و چۆنییەتی ئەو بکرێ، هەرچەن زۆر بە کورتی و تەنیا بۆ ئەوەی کە پیشانی بدەین ئەم پێناسە و بۆچوونانە چەندە لە یەکتر دوور یان نزیکن.

یوهان یواخیم ڤینکێلمانی "مێژووی هونەر نوس" (1767-1717) پیوایە مەبەستی هونەر شتێک نیە جگە لە ئافراندنی جوانی و جوانیش شتێکی تەواو جیاوازە لە "چاکی". ئادام مولەری ڕەخنەگری ئەدەبی (1829-1779) پیوایە کە دوو جۆر جوانی بوونیان هەیە. یەکێکییان هونەری کۆمەڵایەتییە کە وەکوو خۆر کە هەسارەکان لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە ئاوا مرۆڤەکان لە خۆی کۆ دەکاتەوە و ئەمە هونەری سەردەمانی پێشووە و ئەویتریان جوانی تاکەکەسییە کە لەودا مرۆڤ لە کاتی "موراقەبە" و "ڕامان"دا جوانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و ئەمە هونەری سەردەمە. لوکاچی فیلەسۆف و ڕەخنەگر (-1885 1971) پیوایە ئامانجی هونەر وەخۆ هاتنەوە و خۆناسینی مرۆڤە. جەیمز جۆیس لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هونەر تەنیا بۆ هونەرە و یاری دەستی سیاسەت و زانست نییە. ئامراز نییە بەڵکوو خۆی لە خۆیدا ئامانجێکە کە مرۆڤ بەرەو کەماڵ دەبا.

مرۆڤ لە خۆیدا حەزی بە کاتاگوڕایز کردنی بابەتەکان هەیە. حەز دەکا خۆی لەگەڵ "شتەکان" یەکلا بکاتەوە و پێموایە هەر لێرەوەیە کە دوو چەمکی سەرەکی چاکی و خراپی (ڕەش و سپی، ڕوناکی و تاریکی، خودا و شەیتان و...) بوون پەیدا دەکەن. ئەمە ئەگەر لە مانا کۆمەڵایەتی و مێژویی و میتۆلۆژییەکەی دەربهاوێن و بیهێنینە ئاستی تاک ڕەنگە باشتر بتوانێ یارمەتیمان بکات کە لە بابەتی هونەر و چییەتی و ئامانج و هۆکاری تێبگەین. مرۆڤ هەر شتێکی حەز لێنەبێ پێی خراپە و بە پێچەوانەوە هەر شتێک ببێتە هۆی ئەوەی کە هەستێکی باشی هەبێ پێی باشە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەر مرۆڤە بۆ خۆی یەک دنیای تەواو جیاوازە لە مرۆڤەکەی تەنیشتی و دەیان ئێلمان و ئەکتەری دیکە بوونییان هەیە کە کاریگەری لەسەر دادەنێن ئەتوانین بڵێین بە ڕێژەی هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی ویست و سەلیقەی جیاوازمان هەیە. نەخوازەڵا ئەم بابەتە ببێتە بابەتێکی فکری و فەلسەفی ئەمجار دەستەبەندی و سەنگەرەکان ساز دەبن.

لە نێو ئەم هەموو چاکە و خراپەدا جار جار دەنگێکی کزیش دەبیسرا کە هونەری بەدەر لەم بابەتانە دەزانی کە وەک لەسەرێ ئاماژەی پێدرا یەکێکییان دەتوانێ یوهان یوخایم ڤینێلمان بێت. بەڵام ناودارترینییان بێگومان ڤیکتۆر هۆگۆی فەڕانسی بوو. بێجگە لە هۆگۆ هەموو هونەرمەندانی ناوداری "ڕۆمانتیک"ی دوای شۆڕشی فەڕانسە لەگەڵ ڕەوتی "سەنت سیمۆن" کەوتن کە پێیان وابوو هونەر دەبێ "چاکە"ی مەبەست بێت و کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە ببات و هونەر بخاتە خزمەتی کۆمەڵگا و مرۆڤەوە؛

هونەر بۆ هونەر لە سەرەتادا نە ڕێبازێکی تایبەت بوو و نە کۆڕ و گروپێکی دیار بوون بەڵکوو کۆمەڵێک شاعیر و نوسەری پەرتەوازە و تا ڕادەیەک گۆشەگیر بوون کە بە بێزارییەوە لە ڕەوتی باوی هونەری سەردەمی خۆیانییان دەڕوانی و بە هیچ شێوەیەک بابەتەکەیان بە کۆنکرێتی تیۆریزە نەکردبوو. تەنانەت زۆر جاران ئەم ڕا و بۆچوونانەیان دژ بە یەک یان لانیکەم ناهەماهەنگ بوون. هەتا سەردەمی سەرهەڵدانی ڕێبازی ناسراو بە "پارناسیەن"*ەکان. ڕەنگە "بێنیامین کۆنستان" یەکەم کەس بێت کە بە ڕوونی ئاماژە دەکاتە ئەم بابەتە و بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ لە دەفتەر یاداشتەکەیدا دەنوسێ: هونەر بۆ هونەر و بێ ئامانج. چونکا هەموو ئامانجێک هونەر لە سروشتی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەخاتەوە. هەڵبەت ئەم نوسینە ڕادیکاڵەی کۆنستان بە بێ پێشینەی هزری و ئەدەبی نەبوو وەک دەزانین. ڤیکتۆر هۆگۆ کە پێشتر پرسە کۆمەڵایەتییەکانی لە هونەردا ڕچاو دەکرد و ساڵانێک دواتریش باسی لە ئەرکی هونەر کرد لە ساڵی 1829دا بە ناوی "les orientales" دا گرینگییەکی زۆری بە فۆرم و کێش و سەروادا کە لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبازی هونەر بۆ هونەر دەهاتە ئەژمار و ڕایگەیاند کە: شێعر دەبێ ئازاد بێت و هەر شاعیرێک مافی ئەوەی هەیە کە بەرهەمێکی بێ ئامانج بڵاو بکاتەوە کە هەر شێعر بێت و بەس. لە باسی چاکە و خراپەشدا کە پێشتر باس کرا دەڵێ: "لە شێعردا "بابەت"ی چاک و خراپ بوونی نییە بەڵکوو شاعیری چاک و خراپ بوونییان هەیە. هەموو شتێک دەتوانێ ببێ بە بابەتی شێعر، هەموو شت دەتوانێ ببێتە بابەتی هونەر و هەموو بابەتێک بۆی هەیە بێتە نێو وڵاتی شێعرەوە، کەواتە نابێ پرسیار بکەین کە چ هۆکارێک بووە بە هۆی ئەوەی کە شاعیر بابەتێکی شاد یان خەمگین، ترسناک یان دڵدارانە، ڕوون یان لێڵ بۆ شێعرەکەی هەڵبژێرێ. ئەبێ سەیری بکەی بزانی چۆنی نوسیوە. ئایا لە نوسینیدا سەرکەوتوو بووە یان نا." و لە جێگایەکی دیکەدا وتی: "سەد جار دەڵێم هونەر بۆ هونەر" و تەنانەت کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی لەو گەنجتر پێشەکی کتێبەکەی هۆگۆ (les orientales) یان وەکوو کتێبی پیرۆزی خۆیان ناوزەد کرد. بەڵام لە هەموو ئامەن ڕادیکاڵتر گەنجێک بوو بە ناوی تێئۆفیل گوتیە (-1811 1872) کە بە تەواوی پشتگیری لە شێعرێک دەکرد کەوا لە بابەتە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسییەکان بەری بێت. واتە ئەگەر پێشتر هۆگۆ دەیوت شاعیر "مافی" ئەوەی هەیە شێعر تەنیا بۆ شێعر بنوسێ، ئەم دەیوت شاعیر "دەبێ" شێعر تەنیا بۆ شێعر بنوسێ. هەر ئەو بوو کە دوای گەشتێکی چەن ساڵە بە نێو وڵاتانی جیاوازدا و دوای گەڕانەوەی بۆ فەڕانسە گروپێکی پێکهێنا کە دروشمیان "هونەر بۆ هونەر" بوو و خۆی وەکوو ڕێبەر و هێمای ئەو گروپە دەرکەوت. گوتیە لە پێشەکی دیوانی شێعرەکانی خۆیدا نوسی: "بە کەڵکی چی دێ؟ جوان بوون. ئایا هەر ئەمە بەس نییە؟ وەکوو بۆنی گوڵەکان وەکوو باڵندەکان وەکوو هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ ناتوانێ بە ویستی خۆی بیانگۆڕێ و خراپیان بکات و بە گشتی هەموو شتێک کاتێک "کەڵک"ی پەیدا کرد ئیتر ناتوانێ جوان بێ چونکا دێتە نێو ژیانی ڕۆژانەوە و شێعر ئەبێ بە پەخشان و ێزاد دەبێ بە کۆیلە. هەموو هونەرەکان هەر وان. هونەر ئازادییە، شکۆیە، چرۆ کردنە و کرانەوەی چرۆی ڕۆحە لە بێکەڵکیدا. شێوەکاری و پەیکەرتاشی و موسیقا و ... بە ڕەهایی بەکەڵکی هیچ نایەن... ئێمە لایەنگری سەربەخۆیی هونەرین. بۆ ئێمە هونەر ئامراز نییە بەڵکوو ئامانجە. هەر هونەرمەندێک کە بیر لە شتێکی دیکە بێجگە لە جوانی بکاتەوە بەڕای ئێمە هونەرمەند نییە." و هەروەها لە پێشەکی کتێبێکتریدا بە نێوی "خاتوو دێ مۆپین"دا نوسی: "تەنیا شتێک بەڕاستی جوانە کە بە کەڵکی هیچ نەیەت. هەر شتێک کە بەکەڵک بوو ناشیرینە چونکا پێویستییەک پیشان دەدا و پێویستییەکانی مرۆڤ وەکوو مەزاجە داماو و دەستەوەستانەکەی پەست و بێز هەستێنە."

ڕێبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە کارلێک لەگەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بوون و پێچەوانەی سێ چوار دەیەی رابردووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دەرەوەی خۆیانیان وەرنەگرتبوو بۆیە لە پرۆسەی هەرس کردنیشدا بە پێی کات و شوێنی خۆیان چوونە پێشەوە و هێندە شانیان لە شانی یەکتر سوو هەتا سوچە تیژەکانییان نەما و ئێستا ئەم شێوازە ڕادیکاڵە لە هەڵسوکەوت زۆر کەمتر تیایاندا دەبینرێ کە لایەنێک بە تەواوی لە هونەرمەند بوون داماڵن و تەنیا خۆیان بە هونەرمەند بزانن. ئەوەی باس کرا کورتەیەکی زۆر کورتکراوەی مێژووی هونەری سەدەکانی هەژدە و نۆزدەی ئوروپا و سەردۆزەکانی هونەری ئەو کاتی ئەو وشکارۆیە بوو کە لە بابەتی ئامانجی هونەردا شایانی ئاوڕ لێدانەوە بوون.

...

*پارناس (Parnasse) لە باری وشەناسییەوە لە میتۆلۆژی یۆنانی کەوناردا ناوی کێوێکە کە 9 کچی زیوس (خودای خوداکان) کە پارێزەری هونەرەجوانەکان بوون لەگەڵ براکەیان "ئاپۆلۆن" کە خودای شێعر بوو تێیدا دەژیان. ئەم ڕێبازە ئەدەبییەیان بەو هۆیە ناو نا پارناسیزم کە لایەنگرانی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە شێعر گونجاوترینی هونەرەکانە بۆ ئافراندنی جوانی کە تاکە ئامانجی هونەرە.

# میتاسەرهات*، م



میتاسەرهات شێوازێکی نوێی گێڕانەوەیە، لەم شێوازەدا کۆمەڵێ بنەمای گێڕانەوە تێکدەشکێندرێ. ئەم بنەمایانە بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو یاسایەکیان لێ هاتبوو. ئەم شێوازە هەر بنەمای گێڕانەوەی حەکایەتی کۆنی نەگۆڕی، بەڵکو بنەمای ڕۆمان و چیرۆکی نوێی گۆڕی. بۆ نموونە ئەو وەهمەی لەو ڕۆمانانەی بە تەکنیکی شەپۆلی هۆش نووسراون، کە بونیادێکی سەرەکیی خەیاڵە، سڕیەوە.


لە ڕۆمان و چیرۆکی کۆندا کارەکتەرێک، شوێنێک، چیرۆکێک...تاد سەنتەر بوو. لەلایەکی دیکەوە یەک وەگێڕ دەسەڵاتی تەواوی هەبوو، سەنتەری گێڕانەوە بوو. ئەمەیش هەوڵێک بوو بۆ کلیلدانی شێوازی گێڕانەوە، هاوکات یەک چیرۆک دەکرا بە سەنتەر، ئەم بە سەنتەربوونە ڕێگر بوو لەبەردەم لە دایکبوونی چیرۆکی دیکە. ئەمەیش بە بڕوای ڕۆماننووسان و چیرۆکنووسان بۆ لاسەنگ نەبوونی بونیادی ڕۆمان، یان چیرۆکە. کەواتە میتاسەرهات بابەتی فەلسەفەی پۆستمۆدێرنەیە، ئەویش کار لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی بە سەنتەربوون دەکا. ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرنە بە گشتی هەوڵی تێکشکاندنی ناوەند و بە سەنتەربوونی یەکێک لە توخمەکانی ڕۆمان و گێڕانەوە دەدا. ئەمەیش واتای مردنی وەگێڕ و کارەکتەری سەرەکییە. کەواتە سەرهاتگەلێکمان هەن کار لەبارەی سەنتەربوونەوە ناکەن، بەڵکو هەوڵی فرەیی لە هەموو توخمەکانی گێڕانەوەو ڕۆمان دەدەن.

گەمەی میتاسەرهات، گەمەیەکە لەسەر مەبەستی نووسین وەکو ئەدەبێکی خەیاڵکردە وەستاوە. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ هوشیارییەکی خودی، کەرەسەکانی گێڕانەوە دەکاتە هۆکارێک بۆ ئاشکراکردنی ئەو فێڵ و گەمەیەی لە ناوەوەی سەرهاتەکەدا هەیە. لەم گێڕانانەوەدا زۆربەی جاران وەگێڕ جێناوی قسەکەرە، لەپێناو پیشاندانی نیەتپاکی و ڕوونی لە چۆنیەتی نووسین و گێڕانەوەدا. لێرەدا گێڕانەوە پتر لە سەرهاتێکی تۆبیۆگرافی دەچێت.

میتاسەرهات چیرۆکی سەرەکی، چیرۆکی یەکەمی سەرهات دەکوژێت. واتە هەمان کارکردنی مێتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشانەوەگەرایە، کە "جاک

# مۆمە نێژراوەکان

## پاژێک لە ڕۆمانی «کۆبانی»ی ژان دۆست




**لە کورمانجییەوە: ژیار هۆمەر**

من لە گۆڕستانێکدام. دەحەپەسێم لەوەی داخۆ چۆن بە بێ ترس و پرس سنوورم بەزاندووە؟ بۆنی مردن دێ. بێدەنگی باڵادەستە، سوڵتانە.

کێلی گۆڕەکانی ئەوێ بچووکن. زۆرێکیان بێناون. بڕێکیان بە عەرەبی و بڕێکیان بە کوردیی لاتینین. هەر دەڵێی گۆڕەکان بە عەردەکەوە نووساون. تۆپەڵێک گڵی سوور و دوو بەرد، یەکیان لە ڕۆژهەڵاتی گۆڕەکە و یەکیان لە ڕۆژئاوایە. بۆنی ژیلەمۆ و دوکەڵێکی نەبیندراو دێ. بۆکڕووز دێ. مرۆ بە خۆی دەبێژێ چما لەم نزیکانە سەروپێ چاک دەکەن، سم و سەری بەرخ هەڵدەکڕووزێنن. من بە تەنیا لە دووی گۆڕی براکەم دەگەڕێم. ناوەکان یەکبەیەک دەخوێنمەوە. زۆرێکیان شەهیدن. شەهیدی شەڕێکن کە دنیای هەژاند. لە بەردەم گۆڕێکدا ڕادەوەستم. ورد لێی دەڕوانم:

’شەهیدا نەمر ڕەوشەن حەمزراف مهاجر (بوهار کۆبانی).

ژدایکبوون 9.9.1999.

شەهیدبوون 10.10.2014.‘

ئەو ناوەم لە لا نامۆ نییە. بە ناسۆرەوە ئەوێ جێ دەهێڵم و لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

’’لە تەمەنی کچەکەمدایە.‘‘

لەولاتر، لەسەر گاشەبەردێک هەڵدەنیشم و جگەرەیەک لە گیرفانم دەردەهێنم و دایدەگرسێنم. لە مێژە وازم لە جگەرە هێناوە. سا بۆچی پاکەت لە گیرفانمدایە؟ نازانم. لە دوکەڵەکەوە چاو بە ناو گۆڕستانەکەدا دەگێڕم؛ گۆڕەکان هێمن، بێدەنگ، لێوبەبار، بێکەس و تەنیا دەردەکەون. جگەرە نیوەکێشراوەکە فڕێ دەدەمە سەر خۆڵەکە و بە نووکەپێڵاو دەیکوژێنمەوە. لەوێ دەڕۆم. دەگەڕێم کەچی گۆڕی براکەم نادۆزمەوە. خۆ تووران دەیگوت کە ئەوانم لە گۆڕستانێکی ڕۆژئاوای شاردا ناشتووە. دەی من وا لێرەم، خەڵۆ کوانێ؟

بە دەنگێک کە خۆم دەیبیستم، دەڵێم:

’’زۆر خەمبار و بێتاقەت بووم بۆیە ئەشێ بە هەڵە تێگەیشتبێتم. بۆچی لەو چۆڵەوانییەدا، دوور لە کۆڵانی سەیدان کە شوێنی لەدایکبوونی بوو نێژراوە لە کاتێکدا گۆڕستانی مزگەوتی سەیدان کە هی باوەگۆرەمان شێخ ساڵحی نەقشبەندییە هەر دوو کیلۆمەترێک لێیەوە دوورە. ها؟‘‘

بەدەم کورتەپرسی ’’ها‘‘وە سەرنج دەدەمە پارچەئاسنێکی بازنەیی کە وەک کووپێکە نیوەی لە عەردەکەدایە و نیوەی بە دەرەوەیە. پتر لێی ورد دەبمەوە، دەبریکێتەوە، بۆیاخێکی سەوزی توێخهەڵهاتووی پێوەیە.

’’خۆ ئەوە مینە!‘‘

بە دەنگی بەرز و ترساو وەها دەڵێم و هێواش هێواش چەشنی دز بە وریاییەوە لە نێو گۆڕەکاندا دەڕۆم و دەچمە دەرەوە.

بەرەو ڕۆژهەڵات ملی ڕێ دەگرم. لە پێشمەوە حارەتا شەرقییە. لە کۆبانی وەهایان دەگوت. لە مەخفەر و محەلا سەیدا تا کانیا عەرەبان و گرێ کانیێ دەیانگوت حارەتا شەرقی یان تاخا ڕۆژهەڵات. بە ناوەڕاست دەگوترا شار کە دوکانی لێ بوو و جێی پزیشک و دەرمانخانە و پیشەکاران بوو؛ کڵاوچن، ناڵبەند، تەنەکەچی، دۆندرمەچی، بەقاڵ و سەوزەفرۆش و بەرەبابی هەموو پیشەکاران کە لەو مەڵبەندەدا جێگر ببوون.

هێدی-هێدی لە ماڵەکان نێزیک دەبمەوە، ماڵەکان! هیچ ماڵێک نابینم. تۆپەڵەی کەڵەکەبووی شیش و کۆنکرێت و بلۆک و دۆشەک و سەرین و شتەیاریی منداڵان و مێز و کورسی و قەرەوێڵە و هەموو کەرەستەیەکی ماڵان دەبینم... کۆڵانەکان بە عەردەکەوە یەکسان کراون. بێدەنگی لەوێ زوڵاڵ دەئاخڤێت. ماڵ نین، کاولن. کاولن. خەیاڵم دەربڕینەکە ڕاست دەکاتەوە: هێدی-هێدی نێزیکی کاولەکان دەبمەوە. نێزیکی ئەو تۆپەڵە کەڵەکەبووە کۆنکرێتانە دەبمەوە کە پێشتر جێ و نیشتمانی خەڵکی ئەو بازێڕە بووە.

بێدەنگی. بێدەنگی.

لە دوورەوە دەنگێک دێ. گوێی دەدەمێ، دەنگی ماتۆڕێکە. لەو بازێڕە کاولبووەدا تەنێ ئەو دەنگە نیشانەی ژیانە. باڵندەیەکیشی لێ نییە بفڕێ. لە ئاسمان هەڵدەڕوانم.

ساتمە دەکەم.

لە سەرووموە سەدان قەلەباچکە دەفڕن. ئاسمان نییە. ئەو ئاسمانەی ئێمە دەیناسین نییە. وەک بنکی گومەزێکی ئاسنینە. قەلەباچکەکان دەخوازن گومەزەکە تێپەڕێنن و بڕۆن. باڵەکانیان بەر بنکی گومەزە ئاسنینەکە دەکەوێ. قیغەقیغیان لێ هەڵدەستێ. قەلەباچکەکان دەکەونە سەر زەوی. شەق دەبەن. چواردەورم پڕ لە قەلەباچکەی ڕەش دەبێ. هەڵدێم.

کابووسە. وەها بە خۆم دەڵێم.

تینوومە. هەناسەبڕکێمە. کاولەکان جێ دەهێڵم. بە بەردەم مزگەوت و ماڵ و دوکانە خاپوورەکاندا تێدەپەڕم. ترسی مین لە دڵمدا دەگەڕێ لێ دەڕۆم. لە بەردەمم ڕانامێنم. خشەخش لە دەنگوەشێنی منارەی مزگەوتەکانەوە دێ. وەک سەربڕاوێک دەنگی ناڕوونیان لێوە دێ. منارەکان پاڵیان داوەتەوە. مینا تەرمی نەخۆش لەسەر کاولەکان پاڵیان داوەتەوە. ئەو قامکانەی خودا هاتوونەتە خوارەوە. تەنێ ناڵینی هاوشێوەی خشەخشیان لێ دێ. چاوم دەکەوێتە سەر مەسینەیەک. مەسینەیەکی دەستنوێژە لە حەوشەی مزگەوتی گەورەی شار. لەبەر ئەوەی زۆر تینوومە پەلاماری دەدەم. هەڵیدەگرم و بە سەرمەوەی دەنێم. خوێنی تێدایە. ئەو مەسینە پڕ لە خوێنە فڕێ دەدەم و وەک شێت هەڵدێم. چەند سەد مەترێک بەرەو باشوور دادەکشێم و بە دەستە چەپدا خۆم بە کۆڵانێکی درێژکۆڵەی بازاڕدا دەکەم کە بەرەو مەخفەر، سەرایا حکومەتێ و کانیا عەرەبان و محەلا سەیدا دەچێت. بە نێو دوکانەکاندا ڕێ دەکەم.

دوکان!

دیسان خەیاڵم دەربڕینەکە ڕاست دەکاتەوە: بە نێو کاولەکاندا کە لەملا و لەولای کۆڵان مینا ڕاوەستابن و خۆیان درێژ کردبێت، دەڕۆم. لە بازاڕەکەوە تا ئەوسەر کە نێزیکی محەلا سەیدایە، بە یەکپشوو دەڕۆم.

سەرەڕای ئەوەی کاولەکان هەموویان هاوشێوەن بەڵام دەزانم گەیشتوومەتە ئەو کۆڵانەی کە بەرەو محەلا سەیدا دەمبات. سەرم سڕ نامێنێت! بە کوێرییش بێت دەتوانم کۆڵانەکەمان بدۆزمەوە. شوێنی لەدایکبوونم، ئەو شوێنەی کە بۆ یەکەمین جار ڕازی دڵمم لای کیژێک درکاندووە و یەکەمین نامەم تێدا نووسیوە... ئەو شوێنەی کە بۆ یەکەمین جار کچێکم تێدا ماچ کردووە و باوەش کردووە... ئەو شوێنەی کە یەکەمین دڵۆپە فرمێسکم تێدا باراندووە... ئەو شوێنەی کە یەکەمین پیتی تێدا فێربووم، یەکەمین پەیڤ لەسەر زمانم خلۆر بووەتەوە، کاتێک لەوێ دانیشتووم و یەکەمین هۆنراوەی خۆمم هۆنیوەتەوە... ئەو شوێنەی کە دایک و باوک و برا و مام و مامۆزا و باپیرە و داپیرە و دراوسێکانمی تێدا نێژراون... ئەو شوێنەی کە من سیوپێنج ساڵ تێدا لە نێو تۆز و ڕاکەڕاک و گەنگەشە و ئەوین و ڕق و هیوا و ترسدا تێپەڕاندووە چاوا ژ بیر ببە!

* * *

لە سەری کۆڵانێکدام. پاشم لە باکوورە و پێشم لە باشوورە. سنووری تورکیا کەوتووەتە حەوتسەد مەتر لە پشتمەوە. سنووری ترس و مردن و مینەکانی ژێرزەوی لە پاشمەوەیە. حەوتسەد مەتر لە دوامەوەیە. هێڵی شەمەندەفەر کە لە زارۆکایەتییدا بە ترسێکی بێسنوور تێمدە پەڕاند و دەچوومە ئەوبەر و بادەمم لە دارەکانی تورکیا دەدزی و دەگەڕامەوە، ئەمێستا حەوتسەد مەتر لە پشتمەوەیە. لە پێشمەوە کاشێ مشتەنوور وەک پیرێکی تووڕە خۆی دەنوێنێ. لە یەکدی دەڕوانین. لە چاوی دەڕوانم، تووڕەیی و گازندەیان لێ دەڕژێ. پڕ لە قین و خەمن. پڕ لە قینێکی پیرۆزن. منیش بە ڕوانینێکی پڕ لە داوای لێبووردن لێی دەڕوانم. ماڵە وێرانەکان لە دوورەوە دەردەکەون کە بە عەردەکەوە لچکاون.

مشتەنوور وەک دایکێک باوەشیان پێدا دەکات.

مەودای من و مزگەفتا سەیدا، واتا مزگەوتەکەی باپیرەم، سەدوپەنجا مەتری ماوە. مەودای من و ماڵمان دووسەد مەترە...

خودایاااا!

دڵم پەلەپەل لێ دەدات؛ کوتەکوتیەتی. وەک بڵێی دەچمە یەکەمین ژووان. دڵم وەک تنۆکێک بارانە لەسەر پەڕەی گوڵێک لە ڕۆژێکی با و بۆران. ناسرەوێ. دوو-سێ هەنگاو دەهاوێژم. کۆڵان ماتە. کاولە. مرۆ دەبێژێ چما بوومەلەرزە لێی داوە. کەڵەکی کۆنکرێت، بلۆکی خانووکردنەوە، دیواری ڕووخاو، پەنجەرەی شکاو، دەرابەی دوکانەکان، بەفرگری ڕەشهەڵگەڕاو، پەنجەرەگەلێک هەڵفڕیوونەتە ناوەڕاستی کۆڵان، باڵکۆن و پەنجەرەی قاتی دووهەمن کە بەسەر کۆڵاندا شۆڕ بوونەتەوە، ئەوەی پێشتر جیرانێک لێی دادەنیشت و لە پەنجەرەی بەرامبەردا بە هیوای دەرکەوتنی جیرانێک بوو. دیواری نیوەڕووخاو کە نەختێکیان ماوە ناڵەیان لێ هەڵبستێ و ژانی خۆیان هەڵبڕێژن، سۆپەی حەمام، پیکاپێک، چەند تەنەکەیەک و تەنانەت قاپوقاچاغی خواردنیش ببوونە کۆسپ لەسەر ڕێم. ئیدی من هێدی هێدی، بە وریایی، بە ترس و بە ڕوانین لەو جێیەی قاچمی لەسەر دادەنێم، قەڵەمباز دەدەم. ئەشێ لە بن هەر کەڤرێکدا بۆمبێکی نەتەقیوو هەبێ، ڕۆکێتی فڕۆکە ئەمریکییەکان یان هی پاشماوەی داعشی لێ جێ مابێ. مردن، بێدەنگی، ترس و دڵێک کە دەخوازێت خولەکێک زووتر بگاتە جێ، لەو ساتەدا دەستەویەخەی یەکدی دەبن.

دڵ براوە دەبێ. ترس بێ ئەوەی دەست بکاتەوە تێک دەشکێ. بەرەو پێشەوە دەچم. ئەو ماڵانە یەکبەیەک دەناسم. لە دوورەوە تێیان ڕادەمێنم و لە دڵی خۆمدا دەبێژم: ئەوە ماڵی حەج مسلیمێ حەمزراڤە، کە بەرامبەر ماڵی خالتییا خەجۆیە؛ ئەو مامانەی کە من و زۆرینەی منداڵانی گەڕەک لەسەر دەستە پیرۆزەکانی هاتینە دنیاوە، ئەوە ماڵی مامی خوالێخۆشبوومە کە مامۆستای زمانی عەرەبییە، ئەوە ماڵی خوشکەزاکەمە کە ئەمێستا بە تەنیا لە ئەستەنبووڵە و ژن و منداڵەکانی بە ڕێگای ئاویی بەرەو ئەڵمانیا وە ڕێ کەوتوونە، ئەوە ماڵی مامەکەی ترمە، ئەوە ماڵی مامۆزاکەمە کە نازانم ئێستا لە کوێیە، ئەوە ماڵی هاوڕێکەمە کە لە چیا لە ڕیزەکانی گەریلادا شەهید ببوو و ئێستاکە دایکی و بنەماڵەکەی لە هەولێرن، ئەوە ماڵی مامۆزاکەمە کە ئێستا لە دانیمارکە و منداڵەکانی لە ئەستەنبووڵن، ئەوە ماڵی برا جوانەمەرگەکەم خەڵۆیە، ئەوە ماڵی خوشکەکەمە، ئەوە ماڵی خوشکەکەی دیمە، ئەوە ماڵی برا جوانەمەرگەکەمە کە شانزە ساڵ لەمەوبەر لە پێکدادانێکی هاتوچۆدا تیاچوو و ئێستاکە هەردوو کوڕەکەی لە ئەڵمانیان، ئەوە ماڵی برا گەورەکەمە کە لە ئەستەنبووڵە و منداڵەکانی هەر یەکێکیان بە وڵاتێکدا بڵاو بوونەتەوە. ئەوە ماڵی حەیدۆیە، ئەوە هی حەج وێسە، ئەوە هی بۆزانێ حەج کۆسییە، ئەوە هی حەمەسێویە، ئەوە هی حەمەجنە، ئەوە ماڵی وەردینە، ئەوە ماڵی خوالێخۆشبوو حەج محەمەدێ تۆپ ئیبرامە. ئەو ماڵەی پێشەوە هی حەمێ خۆجەیە. لەبەر ئەوەی دیوارەکان نەماون کۆڵانەکەی تریش دەبینم؛ ها خۆ ئەوە ماڵی خوشکەکەمە کە ئێستا ئەویش لە ئەستەنبووڵە، ئەوە ماڵی ئەحمەدێ کەمێلە، ئەوە ماڵی ئەمینێ مامێیە، ئەو ماڵەی لە بەری ڕۆژهەڵاتی مزگەوتە ماڵی خوشکە گەورەکەمە کە لە هەولێرە، ئەوە ماڵی مامۆزاکەمە کە لە کەمپی پەنابەرانە لە عەلی گۆر، ئەوە ماڵی مامی ڕەحمەتیم مەلە حوسێنە شێخی ڕێبازی نەقشبەندی کە زارۆکەکانیشی لە هەولێرەوە بگرە تا ئەڵمانیا و ئەستەنبوڵ پەرش و بڵاو بوونەتەوە، ئەوە ماڵی خوشکەکەمە کە لە مێردین پەنابەرە. ئەو خانووەی ئەولاتر، ئەوەی لە کن مزگەوتی شەریعەیە، ماڵی خوشکەکەمە وا ئێستاکە لە ئەستەنبووڵە و منداڵەکانیشی لە ئینگلتەرا و ئەڵمانیا و تورکیان، ئەوەی بەرامبەر ماڵی حەج ئەمینە، ئەوێ ماڵی پوورمە و ئەوەیش ماڵی، ئەوەیش ماڵی... دەمهەوێ لە هەموو دەرگاکان بدەم.

دەرگای لێ نییە.

دیواریش کە دەرگاکان خۆیانی پێ بسپێرن، نینە.

بە بیرم دێتەوە کاتێک منداڵ بووین و دەرگاتەقەمان دەکرد. شەوان بە بەردەم دەرگاکاندا دەڕۆیشتین و بەردمان پێدا دەکێشان و هەڵدەهاتین. دەمانکێشا بە دەرگای ماڵی خۆیشمان. خۆش بوو. خۆشی و ترس تێکەڵاو دەبوون و هەستێکی سەیرمان دەبوو کاتێک لە تاریکاییدا، لە پاش دیوارەکانەوە دەمانڕوانی؛ باوکمان، براکەمان یانژی دایکمان دەهاتنە بەردەرگا و کەسیان نەدەبینی.

’’دیارە خێو و جنۆکەیە!‘‘

بە ترس و ماتییەکەوە وەهایان دەگوت.

ئێستا نە دەرگای لێیە، نە منداڵەکانیشی لێیە تا لە دەرگا بدەن. نە دایکەکانیشی لێیە تا دەرگا بکەنەوە و بێژن: ’’دەک خوا ناوجەرگتان بە ئاو بکا یا ڕەببی!‘‘

کاول. کاول. کاول.

شتی ساغ کە لە گەڕەکەکەدا مابێت، منارەی ئاسنین و قووبەی مزگەوتەکەی باپیرەمە کە لە کۆبانی پێیان دەگوت؛ جامیی سەیدا. من هێدی-هێدی ڕێ دەکەم.

لە سەر سووچی کۆڵانەکە، لە بەردەم ماڵی هرمیێ حسەنەریی هاوڕێی جوانەمەرگی خوێندگام کە ئەندامی یەپەژە بوو و لە تەقینەوە گەورەکەی لای مرشدپیناری شەهید ببوو، تەرمێک دەبینم.

ڕەت دەبەمەوە.

ئەوە یەکەمین جار نییە لەشی مردوو دەبینم، لە شەڕی لوبنانیشدا لەشی کوژراوەکانم دیتبوو، خوێنی ئەوانم لەسەر دیوارەکان و مێشکیانم لە کڵاوی ئاسنیندا دیتبوو. لێ ئەو تەرمە دەمترسێنێ. سەرێکی قژدرێژ، ڕوویەکی تار و تاڵ، ڕیشێکی ڕەش و درێژ و تۆزگرتوو. خوێن لە گوێ و کەپوو و چاوی هاتووە، کراسێکی قاوەیی ئەستوور و کورت تا سەر ئەژنۆ و شەرواڵە کورتەکەی هاتووە، جووتێک پێڵاوی تاکەوتاک لە دوورەوەی تەرمی داعشێکەوەن.

کەلاکەکە و بۆن تێکەڵ بوون. من لووتی خۆم هەڵدەگلۆفم و دوور دەکەومەوە و بە بەردەم ماڵی خالتییا خەجۆ تێدەپەڕم.

محەلا سەیدا لە گەڕەکەکانی دیکەی کۆبانی نەدەچوو. بەڵکوو لە دنیادا گەڕەکێکی دی مینا ئەو گەڕەکە پەیدا نابێت. با بڵێین لە ناواخنی کۆبانییدا گوندێکی بچووک بوو. نموونەی جڤاکێکی عەشیرەتگەری بوو. لە هەموو هۆز و تیرەکان لە دەوری ماڵی باپیرەم هەبوون. هەموویان موریدی ئەو بوون تەنانەت لە ناویشیاندا سەیدی عەرەب هەبوون. ئەو گەڕەکەی وا ئێستا تێیدام، نیشتمان و واری هەمووان بوو. کەسێک بهاتبایە لەوێ خانوو بکاتەوە کەس لێی نەدەپرسی لە چ هۆزێکیت.

لە نێوان من و گۆڕستانەکەدا سێ مەتر دەمێنێت. لە نێوان من و دایک و باوکمدا چلوپێنج هەنگاو دەمێنێت. ئەو دایک و باوکەی کە بە درێژایی چواردە ساڵی دوورەوڵاتیم بە خەیاڵی خۆم سەرم لە گۆڕەکەیان دەدا. من هەردەم هیواخوازی گەڕانەوە بووم. خەونم ئەوە بوو کە بەر لە مردنم بتوانم جارێکی دی بگەڕێمەوە گەڕەک و دەستبەجێ بەرەو گۆڕستان مل بنێم و لێبووردنیان لێ بخوازم و بێژم: ’’لێم ببوورن کە ئەو هەمووە لە دووریی گیانتانەوە بووم. لە ناپاکییەکەم ببوورن، لە سپڵەیی کوڕەکەتان ببوورن. ببوورە باوە، ببوورە دایە.‘‘

نها ئەو خەونە جێبەجێ دەکەم. دڵم بووەتە چۆلەکەیەک کە لەبەر باراندا خۆی ڕادەوەشێنێت.

هەڵدەلەرزێت.

هەڵدەلەرزم.

ژێدەر:

Mûmên Binaxkirî / Kobanî / Jan Dost / Çapa Yekem -2017 / Weşanên Dara

# ...ردنی چیرۆکی یەکەم

**حەمە مەنتک**



دریدا“ پێشەنگ و دامەزرێنەری بوو. ئەویش هەوڵی لەناوبردنی عەقڵسەنتەری لە ڕۆژئاوا دەدا. بە بڕوای ”دریدا“ ئەوە تەنێ عەقڵی ڕۆژئاوا سەنتەری پێشکەوتن و ژیان نییە، سەنتەری مەعریفە و فەلسەفە و شارستانییەت نییە، بەڵکو ڕۆژهەڵاتیش لە بەرهەمهێنانی ئەو مەعریفە و شارستانییەتەدا بەشدارە و دەبێ. میتاسەرهات هەوڵێکە بۆ کوشتنی ئەو چیرۆکەی هەوڵی بە سەنتەربوون دەدا. بە کوشتنی چیرۆکەکە، بوار و دەروازەی دیکە بۆ چیرۆک و شێوازی گێڕانەوەی دیکە دەکاتەوە. (( هەروەک ”جۆن هۆکس“ وادەبینێ، کە نووسینی ڕۆمان بەم گریمانەیە، کە دوژمنی ڕاستەقینەکانی: گرێچن، کەسایەتی و شوێن و بابەت و مرۆش لە ڕێگای بیرکردنەوەی مەئلوف دوور دەکەوێتەوە بۆ ڕۆمانەکە، بەڵام بە تەواوی دەمێنێتەوە بێ شک سەرتاپاگیری ڕوانین و بنەمایەتی.))١ شکاندنی چیرۆکی یەکەم خزمەت بە لایەنی تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە و تێمەی ڕۆمانەکە دەکات. میتاسەرهات فۆرمێکی کراوە بە دەقی ڕۆمان و چیرۆک دەبەخشێ، ئەویش بە کەرتکردنی دەوروبەر (السیاق)ی دەق و بەشی سەرەکی دەقەکە، لە ڕێی هاتنەناوەوەی چەند وەگێڕێکی دیکە بۆ پێشکەشکردنی بیرکردنەوە و گۆشەنیگای دیکە. ئەمەیش گواستنەوەی دەقە لە دەوروبەرە کاتی و شوێنیەکەی بۆ ئاستێکی دیکە، بۆ ئەوەی ئەو وەهمە لای خوێنەر بەرانبەر گێڕانەوە هەیە بشکێنێ. کەواتە میتاسەرهات هەوڵی هەڵوەشانەوەی ڕەگەزە واقیعییەکان دەدات، لە ڕێی خەیاڵەوە بونیادیان دەنێتەوە. زۆر تەکنیک و ڕێ هەیە بۆ ئەوەی ئەم پرۆسێسەی شکاندن و بونیاتنانەوە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە لە ڕۆماندا سوود لە مەزراندنی هونەرەکانی ڕێپۆرتاژ، ژیاننامە، وتار و نامە...تاد دەدرێت، بەمەیش ڕەوت و یەکشێوازی گێڕانەوە دەشکێندرێت. هەموو ئەو هونەرانە بۆ ئەوەیە گێڕانەوە یەکڕەوتی نەبێت، هاوکات شێوازی جۆراوجۆر بخاتە بەردەم کارەکتەرەکان تاکو گوزارشت لە خۆیان بکەن. لێرەدایە خوێنەر دەزانێت چ شێواز و تەکنیکێک بۆ نووسینی ئەو دەقە بە کار هاتووە. ئەمە شکاندنی واقیعیەتی دەقی گێڕانەوەییە.

* مەبەست لەو زاراوەیە (Metafiction)ی ئینگلیزییە، کە بە عەرەبی دەبێتە (ما وراء الروایە)، بە فارسی دەبێتە (فراداستان). هەرچەندە توێژینەوەی کوردیدا پێشتر زاراوەگەلی وەکوو (میتا ڕۆمان)ی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام بە بڕوای من پڕ بە پێستی نییە، چونکە سەرهات واتە گێڕانەوە، کە چیرۆک، ڕۆمان، هەقایەت...تاد دەگرێتەوە، بەڵام (میتا ڕۆمان) ئاماژەیە بە تەنیا جۆرێکی گێڕانەوە، کە ڕۆمانە. لە بنەڕەتدا ئەم زاراوەیە یەک جۆر گێڕانەوە ناگرێتەوە، بەڵکوو چیرۆکیش دەگرێتەوە.

١. ڕۆمانی کوردی – خوێندنەوە و پرسیار، سابیر ڕەشید، بەشی یەکەم،ل١٢٩.

# دەترسم حەوشەکەمان چاوەڕێم نەبێ

شادی نیکخا



کۆتاییەکانی پاییز بوو.. کە چوومەوە، سەیرترین دیمەنی ماڵەباوانم بینی کە هەرگیز نەمبینیبوو!

پێویستی بە روونکردنەوە نەبوو؛ بە بارستای گەڵاکاندا دیار بوو لە یەکەم وەرینی پاییزەوە، هەرچی گەڵا لە گێلاسە پیرەکە، گوێزە مەغروورەکە و دارمێوە تەمبەڵەکە وەریبوون، لە حەوشەکەدا کەڵەکە بووبوون و بەهۆی بچووکیی حەوشەکە و بەرزیی دیوارەکان، با - یش نەیتوانیبوو بیانفڕێنێ. راستییەکەی وەک چاوەڕوان دەکرێ، دیمەنێکی جوانیش نەبوو، بەشی زۆری گەڵاکان تەڕ و ڕزیبوون و زەرد و نارنجییەکەیشیان، بۆ خۆڵەمێشی و قاوەییەکی چڵکن هەڵگەڕابوو. بیرم کەوتەوە کە جاران پاییز چۆن دەبوو بە فیتنە و چ ئاژاوەیەکی دەخستە نێوان منی گەورەکچ و دایکی جدی و وەسواسم. ئەو مۆڵەتی سەمای بە پووشێکیش نەدەدا و من بە غەدرم دەزانی گسکێک بەو سووکییەی خۆی، شانۆگەریی گەڵاکان لە حەوشەکەدا قەدەغە بکات.

کە چوومە سەرەوە و دانیشتم، خێرا چایەکی بۆ هێنام؛ هەر بە ڕەنگەکەیدا لە گەرمکەرەوەترین چای دنیا دەچوو.

دەمزانی هەرکە براکەم ئۆتۆمبێلەکەی هەڵکردبوو بێت بە دەممەوە، دایکم بە بزەیەکەوە کە لە گەورەکچیی مندا دەگمەن بوو، بە سەرە پەنجەکانی، کە ئێستاش ڕێکترین ئایەرەی ئەون بۆ پێوانەی چای و خوێ و بەهارات، چایەکەی کردووەتە ناو قۆرییەکەوە، بە دەسرەیەک کە خۆی گوڵێکی بەنەوشی بە چەند گەڵای سەوز و لاسکێکی سەوزترەوە لەسەری گوڵدۆزی کردووە، بنەکەی وشک کردووەتەوە، ناویەتیە سەر سەماوەرەکە و بەهەمان دیقەتی هەمیشەوە، گوڵی سەماوەرەکەی کەم کردووە.[1]

لەگەڵ یادی گیزەی سەماوەرەکەیدا کە گەورەترین نۆستالژیی ماڵە باوانە، دەنگی دێتەوە گوێم: "کچەتیوە! چەن جارم وت گوڵی ئەو سەماوەرە ئەشێ کەوە بێ، ئەگەر زەرد بێ، ئاوا پرتەپرت ئەکا و بنی قۆرییەکە ڕەش ئەکاتۆ، یاخوا ناوی دڵت رەش بێتۆ..."[2]

بە دەنگی پەلەپەل بۆ ئەوەی هەستی پێوە دیار نەبێ، دەڵێ: "ئەم پاییزە هەچیە باوکت و کوڕەکانیش وتیان، گسکم نەیا لەو حەوشە، وتم بەشکم تۆ بێیتۆ لەژێر پێتا خشەی بێ و کەیفی پێ کەی، ئەها چەنێ حەزتەکرد لێی..."

لەوەتەی بیرم بێ، پەرژینێکی نەناسراو لە نێوان من و دایکمدایە. منیش بەوپەڕی هێزەوە تفێک قووت دەدەم و فرمێسکەکانی لەگەڵدا دەگێڕمەوە دواوە و تەنیا بە ڕێزەوەو دەستی ماچ دەکەم و سپاسی دەکەم و دەڵێم زۆر دڵخۆش بووم بە بینینی گەڵاکان. هیچ خۆم فڕێ نادەمە نێو باوەشی و هیچ فرمێسکبارانی کۆشی ناکەم و هیچ لێی ناپاڕێمەوە دەست بخاتە نێو قژە ماندووەکەم و بۆنی بکا و کاتێک بە تاڵە سپییەکانی زانی، هەناسەیەکی ساردم بۆ هەڵکێشێ و بڵێ "ئەیرۆ کچەکە! خۆ تۆ هێشتا منالی دوێکەی، ئەوە بۆ وا سەرت سپیی تێکەوتووە؟.." ئاخر دایکەکان، تەنانەت دایکی منیش، هەمیشە هەر کچەکانیان بە منالی دوێنێ دەزانن.

***

زۆر دوورتر لە گەورەکچیم، کاتێک منال بووم و کاتێک ماڵمان لە دێ بوو، گێلاسمان نەبوو، بەڵام بێجگە لە گوێز و مێو، دارقەیسییەکی دوانە و هەڵووژەڕەشەیەک و دوو جۆرە دارسێویشمان هەبوو. حەوشەکەمان ئەوندە گەورەبوو، گەڵاکان بە پاییزدا لە من و کاکەیشم هاروهاجتر بوون و زۆرتر لە ئێمەش، تێیدا رمبازێنیان دەکرد. دایکیشم ئەوکاتە کەمتر دەیپەرژایە سەر گەڵامالین. بەڵام هەر دەهات و دەچوو و جنێوی بە دارقەیسییە دوانەکە دەدا. هەموو پیسبوونی حەوشەکە خەتای ئەو بوو. بەهاران دەیوت: "ئەم بەزیاونەبووە ئەونە پەلوپۆی پان کردووە، هەرچی قومری و چۆلەکەی ئەم دێیە لە خۆی کۆ کردوونەتۆ بۆ ڕیقنە[3]کردن بۆ گیان حەوشەکە." پاییزانیش دەیوت: "یەکێکی گەرەکە بەس گەڵای ئەو قەیسییە بێکەڵکە بماڵێ." بە زستانیش دەیوت: "تۆ تماشا ئەو هەموو چڵوچێوە ڕووتەڵە کە وەک چقڵ چووە بە چاوی عاسمانا."

دایکم دەیوت ئەم درەختە، زڕە و ساڵێ حەوت دەنک زیاتر ناگرێ، نازانم ئەم پیاوە بۆ نایبڕێتەوە؟ بەڵام من کە ساڵانێک دواتر، شیعرەکانی باوکمم تایپ کرد، زانیم ئەو پیاوە بۆ ئەو درەختەی نەدەبڕییەوە و ئەو ژنە بۆ هێندەی ڕق لەو درەختە بوو. باوکم بەیادی دڵدارییە ناکامەکەی خۆی و ئەسمەری دراوسێیان، ئەو دوو نەمامە قەیسییە دراوسێیەی، کاتێک تووڵ بوون، لەیەک ئاڵاندبوون و بەستبوونی بەیەکەوە، هەتا لە ماوەی چەن ساڵدا لە بنەوە بە تەواوی ببن بە یەک. دواییش کاتێک ویستبووی ناوی من بنێ ئەسمەر، دایکم وتبووی "نابینی ئەو کچە چەنێ کاڵە؟ ئەسمەری چی؟"

جا ئەو کاتانە لە حەوشە گەورەکانی دێکاندا، پاییز بووایە یان بەهار، بۆ باوکەکان- بە باوکی منیشەوە کە شیعریشی دەنووسی- ئاسایی بوو لەپێش چاوی منالەکان مریشک، قەل یان کەروێشک سەربڕن. تەنانەت لە کۆڵانی ئەولاترەوە، دایکێکیش هەبوو بە دەستی خۆی مریشکی سەر دەبڕی.. منالانیش لایان ئاسایی بوو چاوەڕێ بکەن کە مریشک-سەربڕەکە باوک بێ یان دایک، بە جووڵەیەکی فرز و خێرا، قاچی لەسەر ملی مریشکە بێسەرەکە هەڵگرێ و ئەوان زۆر ئاسایی، سەیری مریشکە بێسەرەکە بکەن کە هەتا خوێنی ملی لە پژین و دوایی لە چۆڕانەوە دەوەستێ، هەڵبەزێتەوە هەڵبەزێتەوە هەڵبەزێتەوە... من بەڵام هەر ئەو کاتەش ترسنۆک، یان نازانم.. جۆرێک بووم، لە بەرزایی بانیجە و سەر پلەکان دەوەستام و بە ئاستەم جارجار لەودیو پەنجەکانمەوە کە بەرچاومیان دادەپۆشی، سەیرم دەکرد و هەر چاوەڕێ بووم ئەو مریشکە سەرهەڵکەنراوە، ببێ بە هەژدیها و گەورە-سەربڕەکان و منالە-سەیرکەرەکانیش هەڵلووشێ...

من هەر بە منالی تەنانەت مانگای دوای سەربڕینیشم بینیبوو! ئەو بەیانییە زووە، لە خۆشیی ئەوەی پێش خوشک و براکانم هەڵسابووم و سەرەنجام دایکم رێگەی دابوو جل و کەوشە[4] نوێیەکانم لە بوخچە قەدەغەکە دەربێنم و لەبەریان کەم، رامکردبووە دەرەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بم یەکەم منالی ئاواییم، کە جلی جەژنم لەبەر کردووە و پێش هەموویان جەژنم پێوە دەلکێ[5].. بەڵام بە بینینی دیمەنی مانگا و گوێرەکە قەڵاچۆکراوەکانی بەر مزگەوتەکە و زۆرانبازیی پیاوە کەتە و زەلامەکانی ئاوایی لەگەڵ جوانەگایەکی پەتکراو، وشک لە جێی خۆمدا چەقیم. ئەوندە وەستام هەتا فیچقەی خوێن لە ملی وەستا. هەرچی من چاوەڕێم کرد زیاتر لە مریشکەکان بەرەنگاری بکات، یان لانیکەم دوای سەربڕین ئەوندە هەڵخاتەوە تا پیاوە کەتە و زلەکانی ئاوایی، بەردەم مزگەوتەکە بەجێ بێڵن و ئەو دوو گوێرەکەی چاوەڕێ بوون نۆرەیان بگات، رزگاریان بێ؛ کەچی دوای تۆزێک پەڵەقاژێ و کلکەفڕێ، لە جووڵە کەوت؛ وەک من، کە هەتا جۆگەلەی خوێن نەگەیشتە کەوشە سپییە تەقتەقەکانم، کەس پێی نەزانیم کە چەندە بەو هاوینە سەرمام بووبوو.

من لە هیچ فیلمێکدا باسی پەلەقاژێی مانگای قوربانیم نەبیستبوو، بەڵام زۆر گوێم لێبووبوو هەڵخستنەوەی مریشکی سەرهەڵکەنراویان بە بێقەراری دەشوبهاند.. بێقەراری.. بێقەراری...

هەر ئەو ڕۆژە بەدەم هەڵلەرزینەوە بڕیارم دا ئیتر بەیانیانی جەژن، دوایین منالی ئاوایی بم لە خەو هەستم، چونکە هەر لەو کاتەشدا، ئاگام لەوە بوو کە دایکم قەت بە جەژندا، نە لەسەر درەنگ-هەستان و نە لەسەر هیچ شتێکی تر، دەستمان لێ بەرز ناکاتەوە.

***

لەوەتەی پاییز هەڵیکردووەتەوە، وەک مانگای سەربڕاو نا، کە نازانم هێمای چییە، وەک مریشکێکی سەرهەڵکەنراو بێقەرارم.. بێقەراری حەوشەکەمان..

بەڵام ترسمە کاتێک بچمەوە کە دایکم هیوابڕاو بووبێ و هەرچی داخی نەگەڕانەوەی من و کاکەم هەیە، بە گەڵاکانی ڕشتبێ و هەموویانی گسک دابێ.

..........................................................................

**1 گوڵی سەماوەرەکە: گڕی سەماوەرەکە**

**2 دیالۆگەکانی دایکەکە لەم چیرۆکەدا بە زاراوەی مەریوانی داڕێژراون**

**3 ریقنە: جیقنە**

**4 کەوش: پێڵاو**

**5 پێشتر وا باو بوو جەژناوجەژن جلی نوێیان بۆ منداڵان دەکرد و پێیان دەوتن تا جەژن نابێ لەبەری کەن و ئەگەر جلوبەرگی نوێ بۆ یەکەم جار لە رۆژی جەژن لەبەر بکەن، جەژنیان پێوە دەلکێ. واتە بەر خێر و بەرەکەتی جەژن دەکەون.**

## سەربردەی شانۆنامەکانی چێخۆف

# (ورچ) و (خوازبێنی)



رەسووڵ سوڵتانی



### ورچ

شانۆنامەی تاکپەردەیی ورچ بۆ یەکەم جار لە کۆتایی مانگی ئۆگۆستی 1888ـدا لە گۆڤارە ئەدەبییەکەی "چاخی نوێ"ـدا بڵاو بۆوە. نەسکێکی دەستنووسی شانۆنامە مۆرکراوەکەی مۆرکراوی فەرمانگەی سانسۆری چاپەمەنی و دەرچوونی مۆڵەتی بڵاوبوونەوەکەی (لە ڕێکەوتی 27ی سێپتەمبەری 1888)ـدا هەر ماون.

چێخۆف ئەو شانۆنامەیەی لە فێبریوەری 1888ـدا دەسبەجێ پاش تەواوبوونی چیرۆکە درێژەکەی بیابان نووسی. لە کۆتایی فێبریوەری ئەوێ ساڵدا لە نامەیەکدا بۆ لیۆنتێڤی نووسی: "هیچ کارێک ناکەم. بە ناچاری و لەبەر بێکاری، بابەتێکم بەناوی ورچ نووسی." هەر ئەو ڕۆژەش بۆ پۆلۆنسکیی نووسی: "لەبەر بێکاری، ڤۆدڤیلێکم بە شێوازی فەرەنسییەکان، بێناوەرۆک و کورت نووسیوە بەناوی کورت. بۆ نووسینی "بیابان" هێندەم وزە و تەڕایی ژیانم بەکار هێناوە، کە تا ماوەیەکی زۆر دەست بۆ هیچ کارێکی شێلگیرانە نابەم."

ورچ تا ساڵی 1896 هەر بەو شێوەیەی سانسۆر پەسنی کردبوو، دووبارە چاپ دەکرایەوە و نمایش دەکرا، بەڵام لە 1896ـدا کە کۆی "شانۆنامەکان" بۆ چاپ ئامادە دەکران، چێخۆف ئەوەندەی دیمەن لێ گۆڕیبوون، بۆ وێنە دیمەنی یەکەمی کردبووە سێ دیمەن و دیمەنی دووەمی کردبووە چوار دیمەن و دیمەنی سێیەمی کردبووە سێ دیمەن و تەنیا دوو دیمەنەکەی کۆتاییانی وەک خۆی هێشتەوە، بەو شێوەیە شانۆنامەکە لە پێنج دیمەنەوە بوو بە یازدە دیمەن.

لە نێوەڕاستی فێبریوەری 1888 نامەیەکی بۆ ماسلۆڤ نووسی و تێیدا بەو شێوەیە، باسی شانۆی ورچی لە تیاترۆخانەکەی کۆرش و ئاوازی قووی لە تیاترۆخانەی بچووکدا کرد: "هەر لەم وەرزی شانۆییەدا، دوو تاکپەردەی من دەچێتە سەر سەکۆ: یەکێکیان لای کۆرش و ئەوی دیکە لە سەکۆی شانۆی میری. هەردوو شانۆنامەکەشم وێڕای بەرهەمەکانی دیکە و شان بە شانی ئەوان نووسیبوو. کەیفم بە شانۆنامەنووسین نایە، زۆر زوو وەڕەزم دەکا، بەڵام حەزم لێیە ڤۆدویل سەیر بکەم. ئینجا بە لەبزێکی گاڵتەجاڕانەوە دەڵێ: "هەڵبەت وەک نووسەرێک باوەڕم بە ڤۆدویل هەیە و حەزیشم لێیەتی، چونکە هەر کەسێک 25 دێسیاتینا زەوی و 10 ڤۆدویلی وای هەبێ خەڵک لێی وەڕەز نەبن، پاش مەرگیشی، بێوەژنەکەی برسی نابێ."

ورچ، هەر لە سەرەتای نمایشکرانییەوە لە تیاترەکانی مۆسکۆ و پترزبۆرگ و باقی شارەکانی رووسیا بە گەرموگوڕی پێشوازیی لێ کرا. ئەو شانۆنامەیە هێشتا چێخۆف زیندوو بوو، کە وەرگێڕدرایە سەر زمانەکانی بۆلگاری و هەنگاری و ئەڵمانی و پۆلۆنی و ڕۆمانی و سێربی و سلۆڤاکی و چێکی.

### خوازبێنی

شانۆنامەی خوازبێنی، یەکەم جار لە 27ی دیسەمبەری 1888ـدا لەلایەن کتێبخانەی تیاتری مۆسکۆوە و چەند مانگ دواتریش (مای 1889) لە گۆڤاری "چاخی نوێ"ـدا بڵاو بۆوە. دەستنووسی شانۆنامەکە کە لە ڕێکەوتی 9ی نۆڤەمبەری 1888ـدا نێردرابووە فەرمانگەی سانسۆر و ڕۆژێک دواتریش مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی بۆ دەرچووبوو، ماوە و پارێزراوە.

نمایشی ئەم ڤۆدویلە، لە سەر سەکۆی تیاتری شارۆچکەکانەوە دەستی پێ کرد و ئاخری گەیشتە تیاترەکانی مۆسکۆ و پێترزبۆرگیش، ساڵی 1890ـیش دوو تیاترە نیشتمانییەکەی پراگ بردیانە سەر سەکۆی شانۆ و بە گەرموگوڕییەکی کەموێنەوە پێشوازیی لێ کرا.

چێخۆف لە کۆتایی ئۆکتۆبەری 1888ـدا لە نامەیەکدا بۆ سوڤۆرین وێڕای ئاماژەدان بە سەرکەوتنی شانۆنامەی ورچ لە سەکۆی تیاتری کۆرش، گوتبووی: "تاکپەردەیەکی دیکەشم نووسیوە کە دوو ڕۆڵ بۆ پیاو و ڕۆڵێک بۆ ژن لە خۆ دەگرێ..." هەر ئەو ڕۆژەش بۆ خاتوو لینتقارۆڤای نووسی: "لە مانگی ئۆکتۆبەردا دەستم لە رەش و سپی نەدا، تەنیا خەریکی ڕێکخستنەوەی شتی بچووک و کەمنرخ بووم." حەفتەیەک دواتر شانۆنامەکەی ناردە پێترزبۆرگ بۆ فەرمانگەی سانسۆری نووسراوە درامایییەکان و لە نامەیەکدا بۆ لیۆنتۆڤ بە لەبزێکی گاڵتەجاڕانەوە کە هەمیشە ئاوا باسی ڤۆدویلەکانی خۆی دەکرد، نووسیی: "بۆ تیاترەکانی شارۆچکەکان، ڤۆدویلێکی قۆڕ و کەمبایەم نووسی بە ناوی خوازبێنی و ناردمە لای سانسۆرچییەکان و بە نامەیەک داوام لێ کردن شانۆنامەکە پاش ئەوەی مۆڵەی نمایشی پێ درا بینێرنە کتێبخانەی راسخین. فریشتەکەم، ئەگەر ڕێگەتان کەوتە فەرمانگەی سانسۆر بە کراکۆڤسکی بڵێن، کە لە فڵانە شار، کەسێک بە ناوی پیوتر ئیڤانیچ بۆبچینسکی دەژی و من لەگەڵ راسخین بە چاوی فرمێسکاوییەوە داوا لە "هیدێر"ەکانی سانسۆر دەکەین ڤۆدویلەکەمان لە دابڕگەی سانسۆردا نەگنخێنن. ئەو ڤۆدویلەی نووسیومە، بچووک و سادە و وەڕەزکەرە و سەرەڕای ئەوەش لە شارۆچکەکان کڕیاری خۆی دەبێ. بەتەمای ئەوە نیم خوازبێنی بنێرمە سەر سەکۆی تیاترەکانی مۆسکۆ و پێترزبۆرگ."

ئەو تاکپەردەیەیش هێشتا چێخۆف مابوو کە وەرگێڕدرابووە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و بۆلگاری و هەنگاری و ئەڵمانی و سێربی و چێکی.